

# بەبیانووی ناموس بەدەمانجە خوشکەکەی خۆی دەکوژێت

لەگوندی حەسارۆك پشت ماجدی مۆڵ، ئافرەتێکی تەمەن ٢٧ ساڵە، بەگووتەی دایکی لەسەر کێشەی زەوی لەلایەن براکەیەوە کوژراوە بەناوی (ل)، مامیشی بەناوی (ر.ج) دەڵێت کێشەکە کێشەی شەرەفە نەوەك کێشەی زەوی.

(د) کچێکی باڵە بەرزو چاو کاڵی قژ قاوەییە و ژیانی هاوسەری لەگەڵ کوڕەمامەکەی پێکهێناوەو خاوەنی چوار منداڵە، لە هاوسەرکەی زوێر دەبێت دەچێتەوە ماڵی دایکی لەبەر ئەوەی داوای ماڵی جیایی لەهاوسەرەکەی دەکات و ئەویش بۆی ناکات، لەڕۆژی ٢٠١٢/٣/٢٥ کاتژمێر ١١:٣٠ شەو خەریکی دروینی کراسەکەی خۆی دەبێت کاتێك لەپڕ براکەی خۆی بەژوور دادەکێشێت حەوت گولەی لەسینگی دەدات و و کۆتایی بەژیانی دەهێنێت، بەڵام تا ئێستا تاوانبار دەستگیر نەکراوە، لەبەر ئەوەی کێشەکە بەتەواوەتی ئاشکرا نەبووە.

## چۆنیەتی ڕوودانی کوشتنەکە

بەگوتەی دایکی کە بەڵگەی تاوان داویەتی بەناوی (م.ا) و دەڵێت «بەتەواوی ڕێکەوتەکە نازانم کچکەم (د) نەخەوتبوو خەریکی دروینی کراسەکەی خۆی بوو، منیش لەژووری دواوە خەوتبووم لەپڕ لەگەڵ دەنگی تەقە بەخەبەرهاتم، ناو ماڵی ئێمە پڕ ببو لەخەڵك چاوم جوان نەی ئەبینی، کەیەکێك کەتبوو لەسەر زەوی کەچوومە پێش و بینیم کچەکەمە کوژراوە، بەڵام نازانم کێ کوشتبووی.

## من ئاگاداری کێشەکانیان نەبووم

باوکی کوژراو بەناوی (ت.ج) کە ماوەی ١٥ ساڵە ژنی دووەمی هێناوەو لەدایکی (د) خاوەنی ١٢ منداڵە و دەڵێت «لەژنی گەورەم زۆر نزیك نەبووم، واتا دایکی (ل) بۆیە ئاگاداری کێشەکانیان نەبووم ئەوەندە، ئەو شەوەی کە ئەم ڕووداوە ڕوویدا من لەماڵی ژنی بچووکم بووم لەگوندی سێبیران، بۆ بەیانی خزم و کەس ئاگاداریان کردمەوە کەوا کچەکەم کوژراوە، ئەو کات چووم شاردمانەوەو تازیەمان بۆدانا، بەڵام تا ئێستاش نازانم کێ کوشتوویەتی، بۆیە سکاڵام لەسەر کەس نییە.

## لەسەر شەرەف کوژراوە

بەگووتەی مامی (د) کە بەناوی (ر.ج) لەشەوی ڕووداوەکە بەشێوەیەکی ناڕاستەخۆ بە بەڕێوەبەرایەتی بەڵگە و تاوانی وت «ئەم کچە لەسەر کێشەی شەرەف کوژراوە نەوەك لەسەر کێشەی زەوی و موڵك، چونکە مۆبایلیان لەدەست بینیوە کە قسەی پێکردووە، بەڵام دایکی دەڵێت «دەزانم کوڕەکەم (ل ) کێشەی هەبوو لەگەڵ براکەی کە دەی ویست براکەی خانوو دروست بکات لەنێو حەوشە، ئەو کات بوو بەشەڕیان بۆیە وامزانی ئەو کوشتوویەتی، بەڵام کە لێمان پرسی وتی من نەم کوشتووەو ئاگاداری هیچ نیم. هەروەها من کردەوەیەکی بەدرەوشتم لەکچەکەی خۆم نەدیووە، بەڵکو مامیشی لەقسەی خەڵك گوێی لێبووە، ئەو لەماڵی ئێمە ناژیت لەکاتی ڕووداوەکەش لەوێ نەبووە.

باوکی (د) هەمان ڕای دایکی (د) هەیەو دەڵێت «من هیچ شتێکم لەکچەکەی خۆم نەبینیوە بۆئەوەی بڵێم کچەکەم لەسەر کێشەی شەرەف کوژراوە، بەڵام بەداخەوە لەکۆمەڵگەی ئێمە هەر ئافرەتێك بکوژرێت دەڵێن لەسەر شەرەف کوژراوە و بەوە تاوانباری دەکەن.

### لەنێو فەرمانگە و دامەزراوەکاندا

# خانمان بەڕێژەی ٦٢٪ ڕووبەڕووی توندوتیژی دەبنەوە

ئەم ڕاپرسییە لەلایەن گۆڤاری گوڵان ئەنجامدراوە، سەبارەت بەتوندوتیژی دژ بەئافرەتان لەفەرمانگە حکومیەکاندا کەدەبێتە هۆکارەکانی وازهێنانی ئافرەتان لەشوێنی کارکردنیان و کێشە و گرفتیان بۆ دروست دەبێت و وادەکات بیر لەوازهێنان لەکارەکانیان بکەنەوە و ڕوو لەماڵەوە بکەن. کە لەم ڕاپرسیە دا (١٠٠) فۆرم دابەشکراوە لەنێو دام و دەزگا حکومیەکان، تەنیا ئافرەت پڕیان کردۆتەوە بەڕێژەی (٣٨٪)سەڵتن و ٤٢٪ خێزاندارو ١٧٪ بێوەژن، هەروەها سەبارەت بەوەی ئایا بەڕێوەبەری فەرمانگەکەت پیاوە یاخود ئافرەتە، بەرێژەی لە٣٣٪ بەڕێوەبەری فەرمانگەکەیان ئافرەتە لە ٦٥٪ بەڕێوەبەری فەرمانگەکەیان پیاوە. ئاشتی عومەر ڕەسول بەڕێوەبەری کارگێڕی لەڕێکخراوی ئاسوودە پێیوایە بوونی ئەم ئامارە زۆر باشە بۆئەوەی خەڵک بگاتە ئەم قەناعەتە کە لەکوێوە ئافرەت مافی دەخورێت و دەگاتە ئامانجێک تائێستا، چەند مافی دراوەتێ یاخود نەیدراوەتێ.

ئاشتی هۆکارەکانی توندوتیژی دەگەڕێنێتەوە بۆ خێزانەکان و چونکە زۆر خێزان هەن کە ئازادی دەدەن بەئافرەتەکە، بەڵام هەندێکی تریش خۆیان ڕێگە نادەن کە کچەکەیان مافی خۆی بدرێتێ، خۆی ئەمەش یەکێکە لەو هۆکارانەی کەدەبێتە هۆی توندوتیژی.



## کێشە سەرەکیەکان لەناو کۆمەڵگەی کوردی نەناسینەوەی توندوتیژییە

ڕۆژانە ڕووبەڕووی توندوتیــژی دەبیەوە لەنێوە فەرمانگاکەت لە٦٢ ٪ بە بەڵێ وەڵامیان داوەتەوە، هەروەها لە٣٦٪ بەنەخێر وەڵامیان داوەتەوە.

هوده سابیر زەنگەنە چالاکوانی بواری کۆمەڵگەی مەدەنی دەڵێت «ئەوانەی پرســیاری ئەوەیان لێ دەکرێت کە چەند ڕووبەڕووی توندوتیژی بونەتەوە، چەند توندوتیژی جیا دەکەنەوە لەهەڵســوکەوتی ئاسایی؟ واتــە پێناســەیان بــۆ توندوتیژی چییە؟ چونکە یەك لەکێشــە سەرەکیەکان لەناو کۆمەڵگەی کوردی نەناســینەوەی توندوتیژییە! واتا ئــەو ڕەفتارانەی توندوتیژییــە کۆمەڵگە بەتوندوتیــژی دانانێت و ئەو هەڵســوکەوتانەی توندوتیژی نییە زۆرجار ڕووداوی گەورەشی لێ دەکەوێتەوە! بۆیە ئێمە پێش هەموو شتێك پێویستە تێبگەین لەوەی توندوتیــژی چی دەگرێتەوە و چی لــەدەرەوەی بازنەی کــردەی توندوتیژییە. هــوده پێشــیوایە زۆرجار ئەم جۆرە ڕاپرســیانە وەڵامی دروســت نادەن بەدەستەوە، لەبەر ئەوەی تێگەیشــتن بۆ بابەتەکە لاوازە. سامان سیوەیلی توێژەری دەروونی ئەوەدەخاتەڕوو کە ئەم ڕاپرسیە سەلمێنەری ئەو ڕاستییەیە کە توندوتیژی دژی ئافرەتــان لەکۆمەڵگەی ئێمــەدا نەك هەر لەناو خێزاندا بوونی هەیە، بەڵکو لەناو فەرمانگەکانی حکومەتیشــدا بوونی هەیە، کارکردنی ئافرەتان لەناو دامودەزگا حکومییەکاندا بەدەر لەوەی وەك پێداویستییەکی کەسایەتی و دەروونی گرنگییەکی خۆی هەیە، لەهەمان کاتیشدا وەك سەرچاوەیەکی داهات و سەربەخۆیی ئابووری گرنگی گەورەی هەیە، یاخود لەهاوکاری کردنی هاوســەر و باوك و خێزانــدا گرنگی گەورەی هەیــە، بەتایبەتی لەم ڕۆژگارەدا کــە بەڕێوەبردنی خێزان لەڕووی ئابوورییەوە ئەرکێکی قورســە، بەڵام لەکاتێکدا ئافرەتان لەچوارچێوەی ئەو فەرمانگانەی کاری تێدا دەکــەن دووچاری توندوتیژی (دەروونی یان جەستەیی یان سێکسیی) ببنەوە و هۆکاری ئەم توندوتیژییــەش بەهۆی ناســنامەی ڕەگەزیی ئافرەتانــەوە بێت کــە مێینەییــە، ئەمە خۆی لەخۆیدا کارەســاتە و هیــچ جیاوازییەکی نییە لەو توندوتیژییانەی کــە دژی ئافرەتان دەکرێت لەکایەکانــی تری ژیانی کۆمەڵگــەدا و بگرە سەختتریشــە لەو توندوتیژییانەی لــەدەرەوەی فەرمانگــەکان دژ بەئافرەتــان دەکرێت، دەڵێت «چونکە ئەو ئافرەتانە ڕۆژانە دەچنە شــوێنی کارەکانیــان لەنــاو فەرمانگەکانــدا و ڕۆژانە ڕووبەڕووی ئــەو توندوتیژیانە دەبنەوە، ئەمەش خۆی لەخۆیدا فشــارێکی دەروونی ســەخت و بــەردەوام دروســت دەکات لەســەر ئافرەتان کە بەهــۆی بەردەوامی ئــەم فشــارە دەروونییەوە ئەگەری تووشبوونی ئافرەتان بەنەخۆشییە دەروون – جەســتەییەکانی وەك (کۆڵۆن، زامی گەدە، تێکچوونەکانی پێست، سەرئێشەی بەردەوام و.... تاد) و نەخۆشییە دەروونییەکانی وەك (دڵەڕاوکێی دەروونی و خەمۆکی) زیــاد دەکات، بەتایبەتی ئەگــەر ئافرەت لەبارێکدا بێــت کە بەهۆی ئەو لێپرسراوێتییەی لەسەریەتی لەڕووی دابینکردنی بژێوی ژیانەوە نەتوانێت خۆی دوور بخاتەوە لەو سەرچاوانەی توندوتیژی لەناو فەرمانگەکەیدا و دەست لەکار نەکێشێتەوە.

## توندوتیژی دەروونی بەرزترین ڕێژەی هەیە لەنێو کۆمەڵگەی ئێمەدا

ســەبارەت بەوەی ڕووبەڕووی چ جــۆرە توندو تیژیەك بوویەوە، لە٤٣٪ ڕووبەڕووی توندوتیژی دەروونی بوونەتــەوە، لـــە٢٩٪ لەئافرەتان لەنێو دامودەزگا حکومیەکان ڕووبــەڕووی گێچەڵی سێکسی بوونەتەوە و هەروەها لە٢٥٪ ڕووبەڕووی هیچ جۆرە توندوتیژیەك نەبوونەتەوە. ٩٪ ئافرەتان دەڵێن ئەوانەی توندوتیــژی بەرامبەر بەئافرەتان دەکــەن بەرپرســی یەکەمن، لە١٧٪ بەرپرســی بەشن، هەروەها ٤٤٪ فەرمانبەری پیاون و ١٥٪ فەرمانبــەری ئافرەتن، جگە لەمەش ١٥ ٪ ئەو هاووڵاتیانــەن کە ڕۆژانە ســەردانیان دەکەن بۆ کارەکانیان.

سامان پێشیوایە دەرئەنجامێکی تری ئەم ڕاپرسییە دەریدەخــات کە توندوتیــژی دەروونی بەرزترین ڕێژەی جۆرەکانی توندوتیژی پێکهێناوە، دەشڵێت «ئەمەش خۆی لەخۆیدا دەرخەری ئەو ڕاستییەیە کە توندوتیــژی دەروونی لەهەمــوو جۆرەکانی تــری توندوتیژی زیاتر بەکاردەهێنرێت لەســەر ئاستی کۆمەڵگەی کوردی هەرچەندە بەداخەوە هەتا ئێســتا زیاتر لەوڵاتی ئێمە چاوەکان تەنیا لەسەر توندوتیژی جەستەییە. بوونی توندوتیژی سێکســیی لەنــاو فەرمانگەکانــدا بەیەکێــك لەمەترســیدارترین ڕەوشی دەروونی دادەنرێت کە ڕووبەڕووی ئافرەتــان دەبێتەوە و لەهەندێ باردا ئاماژەیە بۆ خراپ بەکارهێنانی پۆســت و پلەو پایە.

### ئەم ڕێژەیە زۆر کەمە

هەروەهــا لەبارەی ئــەوەی جیــاوازی لەنێوان فەرمانبەرانی ئافرەت دەکرێت لەنێو فەرمانگاکەت لە٨٨٪ بە بەڵێ وەڵامیان داوەتەوە هەروەها لە١٤٪ بەنەخێر وەڵامیــان داوەتەوە. جگە لەوەش لە١٩٪ دەگەڕێنەوە بۆ عەقڵیەتی پیاو ســالاری و ١٧٪ بێ متمانەیــی بەلێپرســراویەتی ئافرەت ١٤٪ هۆکارەکەی بــۆ بێتوانایی ئافرەت دەگەڕێننەوە، بەڕێژەیەکی بەرچاویش کە لە ٤٤٪ـە هۆکارەکەی دەگەڕێننــەوە بۆئەوەی کە تەنیــا لەبەر ئەوەی مێینەیە جیاوازیی لەنێوانیان دەکرێت.

ئاشــتی عومەر پێیوایە ئــەم ڕێژەیە ڕێژەیەکی ئێجگار کەمە، دەڵــێ «چونکە ئافرەتانی ئێمە زیاتــر لەم ڕێژەیە جیــاوازی لەنێوانیان دەکرێت. تائێســتا لەکۆمەڵگەی ئێمە بەئافــرەت دەڵێن زەعیفــە، بــێ متمانە ناوی دەبەن کــە ناتوانن لەکارەکانیــان ســەرکەوتوو بن، هەروەهــا کاتێك ئافرەتێــك لەفەرمانگەکەی تۆزێــك کراوەبێت کۆمەڵگــەی ئێمە بەخــراپ نــاوی دەبات و بەچاوێکی سووك سەیری دەکات.

ســامان ئەمەش ڕوونەکاتەوە و دەڵێت «ئەگەر ئەم جیاوازی کردنە لەســەر بنەمای لێهاتوویی و کارامەیی بێت، ئەوا شــتێکی ئاساییە، بەڵام زۆرجار هەســت دەکەین کە ئەو جیاوازی کردنانە لەســەر بنەمای مەزاژی بەرپرســە پیاوەکان و ڕوخسار و شۆخ و شەنگی ئافرەتانە، کە ئەمەش جگــە لەوەی زیان بەسیســتمی کارگێڕی وڵات دەگەیەنێــت، لەهەمان کاتدا جەنگێکی دەروونی خراپیشە کە بەرامبەر خودی ئافرەتان دەکرێت.

## ئافرەتانی ئێمە تائێستا ناتوانن باس لەڕاستیەکان بکەن

لەپرســیارێکی تــری ڕاپرســیەکە کــە دەڵێ تاچەنــد ئامادەی باســی ڕاســتیەکان بکەی کاتێك توندوتیژیت بەرامبــەر بکرێت، بەڕێژەی (٤٢٪)ـــە ئافرەتان بە بەڵــێ وەڵامیان داوەتەوە و ڕێــژەی (٥٥٪) ئافرەتانیش بەنەخێر وەڵامیان داوەتەوە. هەروەها سەبارەت بەشێواز و چۆنیەتی دەستبەرداربوون لەکارەکەیان ڕێژەی (١٠٪) پلانی خانەنشینیيان بۆخۆیان دەستنیشانکردووە و (٨٪) یشــیان بەنیازن لەڕێگای دەست لەکارکێشانەوە وازی لێ بێنن و بەڕێژەی (٧٠٪) واز لەکارکردن ناهێنن.

هــودا پێیوایــە لەگوتنی ڕاســتیەکان تەنانەت بەنهێنیش بێت هەمیشە وەك سێبەرێکی تاریکی نادیار لەهەســتی ئافرەتانی ئــەم کۆمەڵگەیەدا ئامادەیــە. دەڵێت «چونکــە بەدرێژایی مێژوو قوربانی ئەو هەقیقەتانە بوون ئەگەر بەناچاریش بێت توشــی بووبن. بۆیە لەڕاپرســییەکی ئاوادا دیسان ئافرەتانی ئێمە ناوێرن ڕاشکاوانە باس لەو زوڵمانــە بکەن کە بەهۆی ئافرەت بوونیان دژیان کراوە. هێشــتا ترســی بوون بەقوربانی و گوێ نەگرتنــی ئەوانیتر و نەبونی متمانە بەڕەگەزی ئافرەت و نەبوونی لێبوردەیی تاکەکانی کۆمەڵگە بۆ ئافرەتی تاوانلێکراو هەمیشە لەدڵی ئافرەتانی ئــەم کۆمەڵگەیە دایە. چونکە بونی ســادەترین هەڵەی ئافرەت بەئاگایــی بێت یان لەنائاگایی لەناو کۆمەڵگەدا شــکاندنی ناوی ئەو ئافرەتەیە بۆ هەتا هەتایە، بۆیــە ئافرەتانی ئێمە بەداخەوە لەژێر بــاری ئەو ترســەدا هەندێکجار ناچاری شاردنەوەی ئەبن..

### چارەسەری کەمکردنەوەی توندوتیژی

ئاشــتی پێیوایــە بۆ چارەســەری دیــاردەی توندوتیژی، پێویستە حکومەت هەوڵی ئەوەبدات لەڕێگای یاســاوە ســزای ئەو کەسانە بدات کە توندوتیــژی بەرامبەر ئافرەت بــەکار دەهێنن، هەروەها لەڕاگەیاندنەکانەوە داوا لەئافرەتان بکات بۆئەوەی زیاتر بێنە نێو بوارە جیاجیاکان ڕێگەیان بۆخۆش بکات.


ڕۆشنە عومەر



# تاچەند هەڵگرتنی چەک کێشەی کۆمەڵایەتی لێدەکەوێتەوە؟

**سەرەڕای سەقامگیری بارودۆخی ئەمنی کوردستان و بەرقەراربوونی ئەمن و ئاسایش، کەچی دیاردەی هەڵگرتنی چەک ئێستاش ماوە و بەشێکی زۆر هاووڵاتیان بەبیانوی جیاجیا چەک هەڵدەگرن، هەر ئەم دیاردەیەشە کە نەبووەتە هۆی بنبڕکردنی تاوانەکانی کوشتن، کوشتنی ئافرەت بەپاساوی شەرەف یەکێکە لەو تاوانانەی کە دیاردەی هەڵگرتنی چەک ڕۆڵێکی سەرەکی هەبووە لەبەردەوامبوون و تەنانەت پەرەسەندنی.**

عەمیدی مافپەروەر خالید عەباس ڕەشید بەڕێوەبەری کاروباری ناوخۆ لەدیوانی پارێزگای هەولێر، ئاماژە بەوە دەکات کە چەك هەڵگرتن لەدوای ڕاپەڕین وەك دیاردەیەك هەستی پێدەکرا، بەڵام هەر زوو هەوڵی کۆنترۆڵکردنی دراوە.

سەبارەت بەمەرجەکان و چۆنیەتی وەرگرتنی مۆڵەتی چەك هەڵگرتن بۆ هاووڵاتیان عەمید خالید وتی: دەبێ هاووڵاتییەکە دانیشتووی هەرێمی کوردستان بێت و هەژدە ساڵی تەواو کردبێت، شیاوبێت بۆ هەڵگرتنی چەك، هاووڵاتی سەرەتا داواکارییەك لەپارێزگا پێشکەش دەکات دواتر چەند شایەتێك لەگەڕەکەکەی خۆی دێنێت بۆئەوەی شایەتی بۆ بدەن کە کەسێکی باش و لێهاتووە، دەبێت موختار پشتگیری بکات، لەبنکەی پۆلیس وتەی وەردەگیرێت و ژمارەی چەکەکەی دەستنیشان دەکرێت، ئینجا ڕەوانەی لیژنەی پزیشکی دەکەین بۆ ئەوەی بزانین باری دەروونی باشە و دەتوانێت چەك بەشێوەیەکی دروست بەکاربهێنێت، ئەو کەسە تاچەند پێویستی بەهەڵگرتنی چەکە، چونکە زۆر لەبازرگانەکان یان ئەوانەی لەماڵەوە دایدەنێن بۆ بەرگری کردن لەخۆیان یان ئەوانەی شوانن پێویستیانە بۆ بەرگری کردن لەمەڕوماڵاتەکەیان، ناسنامەش تەنیا بۆ دەمانچە دەکرێت، مۆڵەتی چەك هەڵگرتنیش دوو جۆرە، یەکیان بۆ هەڵگرتنی چەکە و ئەویتریان بۆ دانانی چەکە لەماڵەوە و ساڵانە پێویستە نوێ بکرێنەوە، ناسنامەکەش بەر لەسێ مانگ نوێ دەکرێتەوە.

هەروەها بەپێی بڕگەی ٢١ ئەو کەسانەی کەدەمانچە بەبێ مۆڵەت هەڵدەگرن ئەگەر بگیرێن ڕاستەوخۆ دەستگیر دەکرێن و هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ بە بەردەوامی ئەو کەسانە دەستگیردەکەن کە بەبێ مۆڵەت چەك هەڵدەگرن.



عەمید خالید

عەمید خالید پێیوایە ئێستا دیاردەی چەك هەڵگرتن زۆر کەمبۆتەوە و ئاماژە بەو ئامارە دەکات کەتا ٢٠١١/١/١ تەنیا (٢٠٠) مۆڵەتی هەڵگرتنی دەمانچەیان داوە هەروەها بۆ هەبوونیش نزیکەی (١٥٠) مۆڵەتمان داوە و لە ١-١-٢٠١٢ هەتا ئەمڕۆ سەرجەم مۆڵەتەکانیان ڕاگرتووە، تەنانەت مۆڵەتەکانیش نوێ ناکەنەوە بەنیازن بۆ هەرێمی کوردستان یاسایەکی نوێ دەربکەن بەشێوەیەك بێت تەزویری تیانەکرێت.

عەمیدی مافپەروەر خالید عەباس ئاماژە بەبوونی جیاوازی لەنێوان ئەو کەسانە دەکات کە مۆڵەتی چەك هەڵگرتنیان بۆ دەکرێ و دەڵێ: بەپێی یاسای (قانون اصول المحاکمات الاجزائیة) دادوەرەکان، موختارەکان و ئەفسەران مافی خۆیانە چەك هەڵبگرن، یەکێك لەبڕگەکانی یاسای سەربازی.

ئەوەی گرنگە ئێمە بۆ دانی مۆڵەت ئەوە دەستنیشان دەکەین تاچەند ئەو کەسە پێویستە چەك هەڵبگرێت، ڕاستە یاساکە دەڵێت لەهەژدە ساڵ زیاتر بێت، بەڵام ئێمە زیاتر بۆ تەمەنی گەورەتر مۆڵەت دەدەین واتا تەماشا دەکەین ئەگەر تەمەنی تەواو پێگەیشتبێت، ئەو کات مۆڵەتی بۆ دەکەین.

**هەڵگرتنی چەك بەپاساوی شەرەف**

بەداخەوە چەك وەك ئامرازێکی پاراستن



بەکاردەهێنرێت، بەڵام دواتر تاوانی پێدەکرێت، چەك لەکۆمەڵگەی ئێمەدا نیشانەی هێز و توانایە لەبەر ئەوە زۆربەی ماڵەکان چەکیان هەیە، ئینجا بەمۆڵەت بێت یان بێ مۆڵەت، ئەمە وتەی شنۆ عزەدین توێژەری کۆمەڵایەتی لەسەنتەری چارەسەری دەروونی سەبارەت بە بەکارهێنانی چەك بەبیانوی پاراستنی شەرەف، ئەو زیاتر دەڵێ:

کۆمەڵگەی ئێمە کاریگەری زۆری شەڕی ناوخۆی لەسەرە، هەروەها لەسەرجەم شۆڕشەکاندا پیرۆزیان بەچەك بەخشیوە، ئەمانە هەمووی بوونەتە هۆی ئەوەی کە تاکی کورد ئەوەندەی گرنگی بەچەك بدات نیو ئەوەندە گرنگی بەزانست و پەروەردە نەدات.

سەبارەت بە بەکارهێنانی چەك بۆ کوشتنی ئافرەت خاتوو شنۆ عزەدین دەڵێ: کوشتنی ئافرەت شتێکی نوێ نییە و هەر لەسەردەمی کۆنەوە کوشتنی ئافرەت هەبووە، جا بەچەك بوبێت یان بەردباران کردن یان بەلێدان ئیتر کوشتن هەر کوشتنە جیاوازی نییە، ئەم توێژەرە کۆمەڵایەتییە پێیوایە نابێت بڵێین بەهۆی دیاردەی چەکداری توندوتیژی زیادبووە، بەڵام ئەوەمان لەیاد نەچێت کە ئەمڕۆ دیاردەی چەکداری لەچاو سالانی رابردوودا زۆرکەمی کردووە تەنیا لەچەند ناوچەیەك نەبێت، توندوتیژی پێوەندی بەچەکەوە نییە، بەڵکو توندوتیژی زیاتر شتێکی خۆرسکە، چونکە لەسەرجەم جیهاندا چەك هەیە، بەڵام مەرج نییە توندوتیژی هەبێت، هەروەها لەزۆربەی وڵاتانی جیهانی سێیەمدا بەکارهێنانی چەك قەدەغەیە کەچی توندوتیژی بەرامبەر بەئافرەت هەیە. (سیما کەماڵ)ی چالاکوان لەرێکخراوی چارەسەری دەروونی سەبارەت بەم بابەتە دەڵێ: لەزۆربەی هەرە زۆری کۆمەڵگە رۆژهەڵاتیەکان دا چەك وەك ئامرازێکی بەهێز بوون یان پیاوبوونی ئەو کەسە بەکارهاتووە، بەجۆرێ رەنگە مەسەلەی پاراستنی سەروماڵ ئەمڕۆ پێویستی بەچەك نەبێت، کەچی دەبینین چەك لەلایەن مرۆڤەکانەوە بەکاردەهێنرێت، لێرەدا ئەوەی زۆر گرنگە چەك لەهەموو جیهاندا بۆ توندوتیژی بەکاردێت، نەك تەنیا لەکوردستان.

**یاسا لەهەرێمی کوردستان تائێستا نەیتوانیوە وەکو پێویست بەرگی لەهەموو خەڵك بکات**

عەلی کەریم لەرێکخراوی کۆمەڵگەی مەدەنی پێیوایە بوونی ئەم هەموو چەکە لەکوردستان بۆتە ئەوەی کە هۆکارێت بۆ کوشتن و دەڵێت «بوونی ئەم دیاردەیە بۆئەوە دەگەڕێتەوە کەتائێستا لەکوردستان دا یاسا نەیتوانیوە وەك پێویست بەرگری لەهەموو خەڵك بکات، بەشێکی تر لەهۆکارەکان بۆئەو سیستەمە پەروەردە کۆمەڵایەتیە نادروستە دەگەڕێتەوە، کە لەسەردەمی بەعسەوە هەتا ئێستا ماوە، چونکە سیستەمی حزبی بەعس هەمیشە چەکی پیرۆز دەکرد لە کەناڵەکانی راگەیاندنەوە هەمیشە چەکی پیشانی کۆمەڵگە دەدا وایکرد کە مرۆڤ چەکی لەلا پیرۆز بێت.

عەلی کەریم ئاماژەی بەوەشدا رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و میدیاکان و راگەیاندنکارەکان و زانکۆکان و رۆشنبیران پێویستە وشیاری کۆمەڵگە بکەنەوە بەجۆرێ سەرجەم هاووڵاتیان پێویستە هەوڵی جددی بدەن تا قەناعەتێك دروست بکەن کە هەموو مرۆڤەکان بگەنە قەناعەتێك کە هەموویان چەك فرێبدەن و وەهای لێبکەین کەمرۆڤەکان بزانن کە ژیان پیرۆزەو نابێت چەك بەکاربهێنرێت.